# کەرکوک شارێك بۆ ژیان...شارێك بۆ مەرگ!!

عرفان کەریم
Arfan96@yahoo.de

لەنێو هەراو هوریاو بانگەواز بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی بەناو ( هەڵبژاردن ), کە ڕۆژانە لەلایەن ئەو هێزو میلیشیا چەکدارانەی لەعێراق وکوردستاندا بەدەنگی بەرز دەوترێتەوە, واتە ئەو هێزانەی کەلەژێر سایەی دەسەلاتی سەربازی ئەمریکادا و بەگرتنە بەری هەرەشەی جەنگی قەومی و تایەفەیی دەستیان بەسەر موقەدەرات و چارەنوسی کۆمەلگادا گرتوە .. مەسەلەی چارەنوس و دوا ڕۆژی سیاسی شاری کەرکوك بۆتە یەکێك لە خۆراکەکانی کەمپینی ڕاگەیاندنی ( هەڵبژاردن )!... هەر تاقمە و هێزێك لەمانە بەشێوەیەك باس لەدیاریکردن و ئینتمای جوغرافی و سیاسی ئەم شارە دەکەن , سەرانی( یەکێتی و پارتی ) باس لە گەڕانەوەی ئەم شارە بۆ ژێر دەسەلاتی خۆیان کە ناوی حکومەتی هەرێمی سلێمانی وهەولێریان لێ ناوە دەکەن !. ناسیونالیستە تورکمانەکانیش خوازیاری شارێکی ( تورکمانی عێراق ) ین !. هێزە عروبیە ناسیونالیست وئیسلامیەکانیش بەتووندی پێ لەسەر ناسنامەی ( عێراقی ) بوون وعەرەبی بوونی ئەم شارە دادەگرن! . بەهەر حاڵ شاری کەرکوك.ئەو پارچە زەویە دەوڵەمەندەی کە بەئەندازەی تەمەنی شارەکە, خەڵکەکەی پشتکوێ خراون و ئاوو کارەباو خزمەتگوزاری و ڕێگاوبان هەرسەرناکات بەماڵەکانی دانیشتوانەکەیداو بۆگەنی زێراب وتە پوتۆزو خانووی ڕووخاو وکەلاوە جێگەی یاری کردنی منداڵەکانیەتی,ئەمڕۆ بۆ بخۆرانی سەروەتوسامانەکەی,بووتە پارچە گۆشتێکی چەورو هەر یەکەیان دەیانەوێ زۆرترین بەشی لێ بپچڕن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم هێزو میلیشیا ناسیونالیست وئیسلامیانە لەتوانایاندا هەیە کە ئەمنیەت و ئاسایش بۆ شارێکی وەکو کەرکوك دابین بکەن ؟ ئایا بەرنامە و ڕێگا چارەیەك کە ئەمانە دیاریانکردووە باسی لێدەکەن دەتوانێ ئاسەوارو پاشماوەکانی سیاسەتی بەعس بسرێتەوە لە ( تەرحیل ) و ( ڕەگەزپەرستی قەومی )...؟ ئایا بەراستی ئەمانە بە نیازو مەبەستێکی ( ئینسانی ) یەوە ئەم ڕێگاچارانە دەهێننە گۆڕێ ..؟

وەلامی دروست بۆ ئەم ئەم پرسیارانە دەبێ لە چوارچێوەی سیاسەت و کردەوەیەك کە ئەم هێزانە ئەنجامی دەدەن لە عێراق و کوردستاندا پەیدا بکرێت ,واتە سیاسەتی ( قەومی و تایەفی ودینی ) , کەئەم هێزانە گرتویانەتە بەر. ( ئەو هێزانەی کە بەتەنیا لەناوچەی سەوزاییدا دۆستی یەکن ) !. سیاسەتی سرینەوەی هەویەتی ئینسانی و پێشێلکردنی مافی هاووڵاتی بوونی یەکسان بۆ دانیشتوان سەرەکی ترین تاییە تمەندی و فەلسەفەی بوونی ئەم هێزانەیە! , ئەم هێزە کۆنە پەرستانەلەجیاتی کارکردن بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارە بوونەوەی ( بەعسیزم ) کە پایەکەی لەسەر ( ڕەگەزپەرستی قەومی ) داڕێژرابوو , وە لە جیاتی سرینەوەی پاشماوەکانی ئەم سیاسەتانە , بە پێچەوانەوە لە هەوڵی دووبارە کردنەوەو درێژە پێدانی هەمان سیاسەتی کۆنە پەرستانەن. لە ژێر ناو ناتۆرو برو بیانۆی جۆراجۆردا بانگەوازی هێزەکانی ژێردەسەلاتی ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی مادەی 58 دەکەن و ئەمەشیان کردووە بە گەورەترین دەستکەوت بۆ خەڵکی کوردستان وخەڵکی کەرکوك!. لەکاتێکدا ماددەی 58 نمونەیەکە لە زیندووکردنەوەی هەمان ئەو سیاسەتانەی ڕژێم , ئەو بانگەوازەی کە دەڵێ ( بۆ سرینەوەی ئاسەوارەکانی ڕژێمی بەعس و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوك وگەڕاندنەوەی عەرەبە هاوردەکان ) ,لەراستی جگە لە درێژەدانی سیاسەتی ( تەرحیل )و( ڕەگەزپەرستی قەومی ) هیچی تر نی یە! , ناولێنانی ( عەرەبی هاوردە ) بانگەوازە بۆ بەرپاکردنی شەڕێکی قەومی و هێنانەکایەی بارودۆخێکی نائەمن وخوێناوی یە, کە ئێستا لە شاری کەرکوك و هەندێك لە شارەکانی تری عێراق دەستی پێکردووەو ڕۆژانە خەڵك تیایدا دەبێتە قوربانی. کەسانێك کە لە دەورانی ڕژێمی بەعسدا لەم شارەدانیشە جێکراون, ئەگەر ئەو ڕژێمە بەهەر نیازێك ئەم کارەی کردبێت ئێستا ئەو ڕژێمە ڕووخاوە, بۆ دەبێ سیاسەتی ( تۆڵەی قەومی ) لە بەرامبەریاندا بگیرێتە بەر؟!. عەرەبی ( ڕەسەن ) و عەرەبی( هاوردە ) لەناوچەوانی کێ نووسراوە,کە سبەینێ لە نێو شەقامی جمهوریدا ,بەقەمە ووڕگی یەکتری لەگەڵ تورکمان و کورد زماندا,هەڵنەدڕن. دەبێ هەر کەسێك لەم شارەدا کونیەکەی بە نێو چەوانیەوە بێن؟!.ئەمە چ جەهە نمێکە کە خەریکن بۆ ئەم شارە ماندوو وبێ نازەی مێژوویەی دادەخەن!.

سیاسەتی دیاریکردنی ناسنامەو هەویەتی قەومی بۆ شاری کەرکوك ئەگەر ( عەرەبی , کوردی , تورکمانی ) بێت جگە لە بانگەواز بۆ بەرپاکردنی جەنگی قەومی هیچی ترنی یە.

هاوکات سیایەتی پاشماوەکانی بەعس وئیسلامیەکان بۆناساندنی شاری کەرکوك لە چوار چێوەی ( عێراقی عروبیدا ) بەهەمان شێوە بەرەیەکی تری ئەم جەنگە قەومی یە یە و بە یوغسلافیزە کردنی جارانی ئەم شارەیە . بەشداریکردن لە م پرۆسەی بەناو هەلبژاردنەدا بەمانای ( بەرەسمی ) ناساندن و( شەرعیەت ) دانە بە سیاسەت و جەنگی هێزە ناسیونالیست وئیسلامی یەکان لە شاری کەرکوکدا. هەربۆیە دەبێ ئەم پرۆسەیە بایکۆت بکرێت و ڕەتبکرێتەوە . ئەگەر خەڵکی کوردستان بەهێزی عەزیم وجەماوەری خۆیەوە بێتە مەیدان وکوردستان بکاتە وولاتێکی سەربەخۆ ودەسەلاتی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان حکومەت پێك بهێنن ,ئەوکات دەکرێ لەشاری کەرکوکیشدا دەنگدانێکی گشتی بۆ دانیشتوانەکەی بە کورد وعەرەب وتورکمانەوە ساز بکرێت ,بەوەی دەیانەوێ لەگەڵ کوردستانی سەربەخۆدا بن ,یان بگەڕێنەوە بۆ مەرگەز. دڵنیام ئەو کاتە خەڵکی شاری کەرکوك بە هەموو ڕەنگ وبۆکانیەوە دەنگ دەدات بەوەی کە لەگەڵ دەوڵەتی کوردستاندا بژی ونەچێتەوە سەر حکومەتێکی قەومی عەرەبی ئیسلامی کە ئێستا دەیانەوێ لە عێراقدا دایبەمەزرێنن.ئەمە تەنیا ڕێگا چارەیەکە کە لەبەرامبەر خەڵکی کوردستان و شاری کەرکوکدا هەیە, بە پێچەوانەوە ماددەی 58 ومەسەلەی هەڵبژاردن,ئەوەندەی تر کەرکوك غەرقی خوێن دەکات وژ یانێك بۆ خەڵکەکەی ناهێڵێتەوە.

2005/12/9